# ئەو کچە خنجیلانەیەی هەشتەم بەهاری نەدی

**باوکی رەیان**: تازە رەیان رۆیی دەبا منداڵانی تر ئاسوودەو بێ ترس بژین

**دایکی رەیان**: هیوادارم ئەو سەربازە هێندەی گەورەیی تاوانەکەی سزا بدرێت

## ئا/ بورهان حاجی سلێمان

هەرگیز نە رەیانو نەدایكو باوکی نەیاندەزانی ماوەی کورتی نێوان ماڵی عاسی حەلاّق (باپیر)و ماڵی ئاراز(باوك) دەبێتە رێگای مەرگ بۆ رەیان، هەشتەم بەهار نەدیو خێوی مەرگ لە پێستی سەربازێك بۆی لە بۆسەدایە، رەیان لە کورسی دواوەوەی ئۆتۆمبیلەکە لە یاریو پێکەنینی پڕ لە بەرائەتی منداڵیدا بوو لەگەڵ خوشكو برا بچوکەکەیدا، دڵنیاو بێ ئاگا لە گوللەیەك کە پاش کەمێکی تر ژیانی لێدەسێنێت، ئەی چۆن منداڵێك هەست بە دڵنیایی نەکات ئەگەر لەنێوان دایكو باوکیدا بێت؟ رەیان لەبەرەی جەنگدا نەکوژرا، بە ئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژکراوی تیرۆریستان شکۆفەی تەمەنی هەڵنەوەری. رەیان زمانی شەڕ



نازانێ چییە، ئەو پەری ئاسا بەزمانی پەرییان دەدوا، تەوقیت تاکە هەڵەبوو لە کارەساتەکەدا کە ئەو کاتژمێر 8.45 خولەکەی مەغریبی7/ 2007/5 خێزانەکەی رەیان لەماڵی بابە گەورەیانەوە بۆ ماڵی خۆیان دەچوونو لەو رێگا کورتەش سەربازێکی ئەمریکی بەبێ هیچ هۆکارو ئاگادارکردنەوەیە بە هەڵە فیشەکێك ئاراستەی ئۆتۆمبیلەکە دەکاتو لەناو سەری(رەیان)دا دەتەقێتەوەو مێشکی بچوکی کە جیهانێکی بەرائەتی منداڵی لەخۆگرتبوو دەپژێت، رەیان تاکو دەیگەیەننە نەحۆشخانە خوێنی سوورئاڵی لێدەچۆڕێ، کە دەگاتە نەخۆشخانەش پاش ماوەیەك تەمەنە کورتەکەی بە تراژیدیایەکی گەورە کۆتایی پێدێتو بۆ هەتا هەتا زامێکی قووڵ دەخاتە دڵو دەروونی دایكو باوکیو هەموو خاوەن ویژدانێك کە ئاگاداری کارەساتەکە بوون.

کەسانێك کە بتوانن بەوپەڕی راستییەوە، باس لە سەرگوزشتەی ئەو رووداوە بکەن ئارازو ئیلهام خانی باوكو دایکی (رەیان)ن.



باوکی رەیان وتی:" خۆمو هاوسەرەکەمو هەرسێ منداڵەکەمان بووین، مەغریبانێکی درەنگ دونیا تاریکی داهاتبو، لەماڵی باوکمەوە کەلە پشت باخچەی نەورۆزەوە دەڕۆیشتینەوە بۆ ماڵی خۆمان، کە هەر لەگەڕەکی تەپەیە لەسەر گردەکە، کاتێك لەنزیك کۆمپانیای بەرهەمە نەوتیەکانەوە لەسەرخۆ روو لەسەرەوە واتە لەبەردەم

باخچەی(ام الربیعین)ەوە دەڕۆشتم، لەناکاو گوێمان لەتەقەیەك بوو، جامی پێشەوەی ئۆتۆمبیلەکە شکا، کۆمەڵێك سەرباز بەڕاکردنو دەست لەسەر تفەنگ هەڵیان کوتایە سەرمان، من زوو گڵۆپی ناوەوەم داگیرسانو دەستێکم دەرکردە دەرەوەو بۆ ئاسمان بەرزم کردەوەو بە ئینگلیزی وتم تەقەمان لێمەکەن منداڵمان لەگەڵە، کە هاتنە پێشەوەو بینیان، گەڕانە دواوە، منیش هاتم بڕۆم لەدڵ خۆمەوە وتم، چش لەو جامەی شکا بەس نیە منداڵەکانم سەلامەتن، بەڵام لەناکاو ئیلهام هاواری لێهەڵساو وتی: رەیان پێکراوە، کە ئاوڕم دایەوە، بینیم سەری شۆڕکردوەتەوە نێو هەردوو کورسیەکەوە ویستم راستی بکەمەوە سەیرم کرد، وەکو کانی خوێن لەسەری دەڕوا ئیتر دوو منداڵەکەی ترو دایکیان تووشی شۆك (صدمە) بوون، منیش شڵەژام، هەر چۆنێك بوو گەڕامەوە ماڵ باوکمو دوو منداڵەکەم لەوێ داناو لەگەڵ باوکمو ئیلهام بەپەلە (رەیان)مان گەیاندە نەخۆشخانەی ئازادی، هەرچەندە دەمزانی ئومێد لە رزگاربوونی نیە، چونکە مێشکی پژا بوو، لەوکاتەشدا تاکە هەڵوێستی ئەمریکیەکان وشەی (sorry) بوو، دوای ئەوە بێ هیچ یارمەتیدانێك کشانەوە"

ئاراز باسی لەهەڵوێستی خەڵکی ئەم شارەی کرد کە چۆن لەدەوری ئەمان کۆبوبونەوەو ئامادەیی خۆیان بۆ هەر جۆرە یارمەتییەك دەربڕی، وەکو خوێندانو هەر جۆرە یارمەتیەکی تر، ئارازی باوك باسی لەو هەڵوێستە کرد، بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە وتی:" هەرگیز هەڵوێستی جوامێرانەی ئەو خەڵکە لەیاد ناکەین"

ئەمریکیەکان کاتێك هەست بە هەڵەی خۆیان دەکەن لەماوەی 20 خولەکدا دەگەنە نەخۆشخانە کە هێشتا رەیان گیانی نەسپاردبوو، پێشنیار دەکەن رەیان ببەن بۆ نەخۆشخانەی بنکەی ئەمریکیەکان لە فڕۆکەخانەی کەرکوك، بەڵام لەو کاتەدا دکتۆرەکە دێتە دەرەوەو وەك هەورە تریشقە مەرگی (رەیان) رادەگەیەنێ، ئەوەش تووڕەییو خەمو پەژارەی خەڵکە پەنگخواردوەکە زیاتر دەکات، ئاراز وتی:" ئەمریکیەکان هەرکە هەواڵەکەیان بیست بەپەلە کشانەوەو رۆیشتن، چونکە وەخت بوو هەرایەك لەناو خەڵکەکەدا بەرپا بێت"

لەیاسای سەربازی ئەمریکیدا بۆ راگرتنی ئۆتۆمبیلێك پێنج قۆناغ هەیە، یەکەمیان بەدەنگو دوای ئەوە بەئاماژەی تیشکیی(لایت)، سێیەم قۆناغیش تەقەکردن لەسەر شەقامەکەو قۆناغی چوارەم تەقەکردن لە مەکینەی ئۆتۆمبیلەکە بۆ تیکشکاندن و وەستانەوەی، لەحاڵەتێکدا ئەگەر هەر نەوەستا، ئەوا ئەوسا تەقەی راستەوخۆ لە شوفێرەکە دەکەن، بەڵام ئاراس وتی:" دونیا کپ بوو بەئاسانی گوێمان لەهەموو شتێك دەبوو ئەگەر قسەیان بکردایە، ئەگەر بە لایتیش ئاگادارمانیان بکردایەوە دەمانبینی، چونکە تاریکیش داهاتبوو ، بەڵام کاتێکمان زانی لە دوورەوە لەناو تاریکاییەکەوە گوللەیەکیان ئاراستە کردین"

ئاراز ئاماژەی بەوە دا کە ئەمرکیەکان لە راپۆرتی خۆیاندا وتویانە کە (داوایان لێمان کردووە تاکو بوەستینو دواتر ئاماژەیان پێداوینو ئنجا گوللەیەکیان بۆ بۆنیتی ئۆتۆمبیلەکە تێگرتوەو بەرز بوەتەوەو بەڕێکەوت لە(رەیان)ی داوە، بەڵام ئاراز ئەو راپۆرتەی بەدرۆ خستەوە بەپێی چەند بەڵگەیەك، لەوانە راپۆرتی پزیشکی کە دەیسەلمێنێت گولەکە لە دوورەوە ئاراستەکراوەو هەروەها ئاسەواری فیشەکیش بەهیچ شوێنێکی ئۆتۆمبیلەکەوە نیە، بێجە لەجامەکەی، هەروەها ئاراز ئەوەشی وت:"لیژنەیەك لەخۆیان پێکهاتوونو ئۆتۆمبیلەکەیان پشکنیوەو نادروستی راپۆرتەکەی سەربازەکانی خۆیان بۆ ئاشکرابوو"

ئاراز گلەیی زۆری لە پارێزگارو لایەنە سیاسیەکان کرد کە هیچ هاوسۆزی خۆیان سەبارەت بەکارەساتەکە نیشان نەداوەو وتی:" بێجگە لە مەڵبەندی دووی ی.ن.ك و بەرپرسی ناوەندی رێکخراوە دیموکراتیەکانو حیزبی ئیسلامی عێراقی کە هاتبوون بۆ پرسەکەو هاوسۆزیو پاڵپشتی خۆیان نیشاندا، ئیتر هیچ لایەنێك تەنها بۆ 5 خولەکیش سەریان بە پرسەکەدا نەکرد" لەو بارەیەشەوە وتی" زۆر گللەیی لە پارێزگارو پارێزگا دەکەین کە بەپێی ئەوەی بەرپرسی یەکەمی ئەم شارەیەو بەرپرسە لەگیانی هاوڵاتیەکانی، بەڵام نە بۆ پرسەکە هاتونو نە باسیان لەو کێشەیەش کردەوە"

ئاراز گلەیشی لە دەزگاکانی راگەیاندن کرد کە تەنانەت ئامادە نەبوون تەغتیەی هەواڵی رووداوەکەش بکەنو لەو بارەیەوە وتی:" تەنها تەلەفزیۆنێك بڕیار بوو بێتو بەدواداچوون بۆ هەواڵەکە بکات، بەڵام دواتر ئەوانیش پاشگەز بونەوەو نەهاتن"

تاکو ئێستا ئەمریکیەکان ویستویانە ژێراو ژێر کێشەکە لەگەڵ خێزانەکەی(رەیان)دا چارەسەر بکەنو لەو بارەیەوە ئاراز وتی:" چونکە بۆیان دەرکەوتوە هەڵەو تاوانێکی گەورەیان کردوە، ئێستا هەوڵ دەدەن مەسەلەکە بە پارەو شتی لەو جۆرە دابخەن، بەڵام من دوو داواکاریم لێکردون، هیچی تر ئەوەش ئەوەیە : یەکەم/ ئەو سەربازەی بەپێی یاسا دادگایی بکرێتو ئەمریکیەکانیش گرەنتی بدەن بەخەڵکی کەرکوك کە چیدی مندالی بێتاوان نەبێتە قوربانی گوللەکانیان، چونکە ئەمە کاری یەکەمجارو دواجاریشیان نابێت، دوومیش/ تازە (رەیان) رۆیی دەبا مندالانی تر ئاسوودەو بەبێ ترس بژین"

ئیلهام نازم دایکی رەشپۆشی جگەر سوتاویش قسەی زۆری لەدڵدا بوو، بەڵام فرمێسكو گریان دەرفەتیان نەدا داخی دڵی خۆی هەڵڕێژێ، بەدەم قوڵپی گریانەوە وتی:" داوا دەکەم ئەو سەربازە دادگایی بکرێتو هێندەی گەورەیی تاوانەکەی سزا بدرێ........."

وتیشی"هیوادارم هیچ دایکێك وەکو من جەرگی نەسووتێتو مەرگی رۆڵەی نەبینێت........"

بۆ بەدواداچوونی ئەم کێشەیە، (کەرکوکی ئەمڕۆ) پەیوەندی بە (عەبدولرەحمان مستەفا) پارێزگاری کەرکوکەوە کردو پرسیاری هۆکاری ئامادەنەبوونی پرسەکەی(رەیان)ی لێکرد؟

پارێزگار، هۆکاری ئامادەنەبوونی گەڕاندەوە بۆ سەفەری بۆ دەرەوەی کەرکوك لەو ماوەیەداو وتیشی:" زۆر بەداخەوە ئەو ماوەیە لەشاری هەولێر بوومو نەمتوانی ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەم"

سەبارەت بەو جۆرە رووداوەش پارێزگاری کەرکوك وتی:" پێشتر سەبارەت بەو جۆرە رەفتارانەی هەندێ لە سەربازەکان، قسەمان لەگەڵ ئەمریکیەکان کردووەو نیگەرانی خۆمان پیشانداوە"

هەروەها داوای لە خێزانەکەی (رەیان) کرد کە داواکاری پێشکەشی پارێزگا بکەن تاکو لەرێی یاساوە بەدوای کێشەکەدا بچن، لەو بارەیەشەوە ئامادەیی خۆی بۆ پێشکەش کردنی هەر یارمەتیەك نیشاندا.